کەشناسی هەرێم: بارانبارین زیاد دەکات و بەفریش لە ناوچە شاخاوییەکان دەبارێت



کەشناسی رایگەیاند، بارانبارین بەردەوام دەبێت و لە ناوچەشاخاوییەکانیش بەفردەبارێت و پلەکانی گەرماش بەرەو بەرزبوونەوە دەچن.

ئەمڕۆ یەکشەممە ٨ـی شوباتی ٢٠٢٦، کەشناسیی عێراق پێشبینییەکانی کەشوهەوای بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند، تا ڕۆژی چوارشەممە واتا سێ ڕۆژی دیکە بارانبارین بەردەوام دەبێت و لەگەڵ ئەوشدا پلەکانی گەرما لە بەرزبوونەوەدا دەبن.

هاوکات بەپێی پێشبینییەکانی کەشناسیی هەرێم هاوتای بارانبارین، لە ناوچە شاخاویی و سنوورییەکانیش بەفربارینکی کەم دەبێت.

کەشناسی ئاماژەی بۆشکردووە، کاریگەری شێپڵی بارانبارین لەسەر ناوچەکەمان بە سێی دووشەممە زیاد دەکات و لە سەرتاسەریی ناوچەکەمان باران دەبارێت، هەروەها ڕۆژی دابارین لە سنوری سەران و ناپێین و زاخۆ، زیاتر دەبێت باران بە شێوەی بارانی مامناوەند و هێندەکات لێزمەباران دەبێت، لە دهۆکیش ئاگەری بارانبارینی بڵێزمی هەیە، لە هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و هەڵەبجەش باران لەسەرخۆ و نمەبارانی پچڕپچڕی دەبێت و هەورەبروسکەشی لێگەڵ دەبێت، لەگەڵ ئەوشدا لە ناوچەسنووریی و

شاخاوییەکان بەفر دەبارێت و پێشبینیش دەکرێت خڕایی با زیاد بکات.

باران بارینی ئەمڕۆی چەند ناوچەیەکی هەرێم:

هەولێر: دڵۆپ دڵۆپ

پیرمام: ١.١ ملم

ئاکرێ: ١٢.٤ ملم

ئامێدی: ٨.٤ ملم

بازیان: ١.٢ ملم

حاجی ئەمڕان: ٢١.٨ ملم